# کورتە چیرۆك

## سرووشت

**بەسەرێکی قورس وجەستەیەکی بێتاقەتەوەچووەناو ئاودەستخانەی باخچەکەو دەرگاکەی خرپلەسەرخۆی کێلووندا.بوتڵەکەیلەگیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێناوچۆڕبڕیکرد,کاتێ هاتەوەسەرخۆی شوشەکەشی فرێدایەکونجەکەوەو دەرپەڕییە دەرەوەو دووررۆانیوزەردەیەکی بۆکرد.لەبەرخۆیەوەبڵمەبڵمێکی لێوەهات ((جابا نەك سلێمانی پالاسێك خوای دەکرد سەدشیرین پالاسیان قووتدەکردەوە)).**

****************

چەند جارێك وبەتایبەتی لەشوێنە تایبەتیەکاندا،نیگایان ئەگرتەیەك بەچاو یەکتریان ئەدواند,کەسیان پرکێشی ئەوەیان نەدەکرد.تەنهاوشەیەکیش بکەنەشەمچەی خۆشەویستیان . ڕۆژگارهات وتێ پەڕی.هەروەکو جاران لەپیشانگایەکدا چاوەکان هەرزوو یەکتریان ناسیەوە.

بەلاّم ئەمیان شانبەشانی شۆخێك وئەویدیان لە قۆڵی پیاوێکی وورگندانەرم نەرم بەرەوڕووی یەکدی دەهاتن.کاتی گەیشتنە ئاستی یەك یەکی دوودلۆپ فرمێسکی گەرمیان بۆیەکتری کردە دیاری.

******************

کوڕێك لەبالەکۆنەکەیانەوە،مەلایەکی بەدی کردکەدەهاتەناوکۆلاّنەکەیانەوە.هاواری کردئاخ بۆ مێیەك کچێك لەستارەکەی ئەوبەریانەوەئەمەی گوێلێ بوو قیژاندی وای بۆنێرێك،منالێکیش لەناوەڕاستی کۆلاّنەکەوەوڕکی گرتبوو،ئای برسیمە وای برسیمە..

مەلاکەلەمنالّەکەی خوڕیئەریبچکۆل ئەم کۆلاّنەفەسادە ئەوسەری دەرئەچێت .

2001/9/28

********************************

**بەدرێژایی تەمەنی نامەی عیشقی دەنووسی , بەلاّم کەسێك نەبوو لێ ی وەرگرێت.دوایی ئەوەی سمێڵیشی بووەکلووناچارکەوتە خوێندنەوەیان,ئێستاش لەخوێندنەوەیان تەواونەبووە**

2004/4/16

**شەوی‌چوارشەمە**